# گه ر هه موو ئیسلامیه کان تیرۆریست نه بن ، ئه وا به دڵنیایه وه هه موو تیرۆریسته کان سه ر به ئیسلامیه کانن

ئه رده لان عه بدوڵلا

له پاش 11 سێپته مبه ره وه ده سته واژه ی (تیرۆری ئیسلامی و ئیسلامی سیاسی)، له ته واوی دوونیادا بۆته باسێکی گه وره . هه ر یه ك به پێی به رژه وه ندی و ئاستی فکری خۆی بۆ ئه م دیارده یه ده روانێت . رۆژئاوایه کان پێیان وایه هه موو ئیسلامه کان تیرۆریستن ، ئه م ره وه نده ش به مه ترسیه کی گه وره بۆ سه ر کۆمه ڵگاکه یان داده نێن. له هه مان کاتدا هه موو ره وه ندی ئیسلامیش له رۆژئاوادا،به رهێرشێکی ئیعلامی گه وره که وتوون. گه ر چی رۆژهه ڵاتیه کانن پێیان وایه ئه مه غه دره لێیان ده کرێت . چونکه هه موو ئیسلامێك تیرۆریست نییه ، بگره تیرۆریسته کان کۆمه ڵه که سانێکی که م پێك ده هێنن. له هه مان کاتیشدا به هیچ شێوه یه ئاینی ئیسلام په یوه ندی به م دیارده یه وه نییه . له لایه کی تره وه پارته ئیسلامیه کانیش پێیان وایه ، هه موو پارته ئیسلامیه کان تیرۆریست نین ، به ڵکه ئیسلامی میان ره و و مۆدێرنیش هه یه .
به ڵام من پێم وایه هه موو ئیسلامیه کان تیرۆریستن .
بۆ چی؟
بۆ ئه وه ی باشترین وه لام هه بێت ، ده بێت بۆ مێژوو بگه رێینه وه .
ئایا ئیسلام ئاینی ئاشتیه ؟ ئایا موحه مه د ته نها پێخه مبه ر بوو ؟
دیسان ده ڵێن ،نا

ناتوانیین موحه مه د ته نها وه کوو پێخه مبه رێك سه یری بکه ین ، یان بیخه ینه قاڵبی عیسا وه. بۆ چی؟چونکه موحه مه د سه رکرده ی ووڵات بووه حوکمی کردووه ، لێ عیسا ته نها پێخه مبه ر بوو ، یان په یامنێر بوو . موحه مه د شه ری گه وره و سه ر له شکری بۆ شه ره کان کردووه ( غه زای به در، ئوحود، خه نده ق ،خه یبه ر ، به نی قه ریزه و شه ری ره ده و زۆری تریش ) . موحه مه د خۆی ده ستکه وته کانی شه رله ( چه ك ، ژن ، مندال ، زێرو زیو، موڵك و زه وی ، گیاندار )
دابه شکردووه[1] . خۆی په لانی شه ری داناوه . خۆی په یمان و رێکه وتنی سیاسی مۆر کردووه ( له گه ڵ قوره یش ، له خه یبه ر ) . موحه مه د حاکمی ووڵات بووه و حوکمی ( کوو شتن و لێدان و زیندانی ) کردنی تاوانبارانی داوه .
ئایا موحه مه د باوه ری به دیالۆك و ئاشتی کولتووری هه بووه ؟
من ده ڵێم ،نا .
بۆچی؟

موحه مه د كابرايه كى دبلۆماسى بووه ، كاتێك زانیوویه تى شه ڕى بۆ ناكرێت
په ناى بۆ ديبلۆماسيه ت بردووه يه كه م جار په لامارى كريستى و جووله كه ى
نه دا ، به ڵام كاتێك ده سه ڵاتى هه بوو جينۆسايدى كردن[2] ( له ناوبردنى خێله
كانى به نو قه ريزه و قينقاع و نه زير و خه يبه ر).موحه مه د يه كه م جار نامه ى
بۆ پاشا كانى رۆم و فارس و جيهان نارد . لێ له هه مان كاتيشدا په لامارى دان
به ڵام سه ركه وتوو نه بوو . موحه مه هه موو كات به عه ره به كانى ده گووت:
( ده تان كه م به خاوه نى سامانه كانى كيسراو رۆم)[3] . له به ر ئه وه هيچ كات
ئه وه ى پێى بلێيت ديالۆك و ئاشتى كولتوورى ، ئه م كابرايه باوه رى پێنه بووه .
گه ر باوه ڕى پێبواييه بۆچى مه فهوومى ( جيهاد ) ى دانا! ، بۆ چى په لامارى
وولاتانى ترى ده دا! . ئه وه ى كه خۆى بۆى داگير نه كرا ، ئه وانه ى پاش خۆى
داگيريان كردن. ئه بوبه كر ساڵى634 په لامارى شامى داو به زۆر جووله كه و
كريسته كانيان كرد به ئيسلام ، ئه وه شى نه بوايه ده يانكووشتن و ژن ومنداڵه
كانيشيان بۆ خۆيان حه لال ده كرد [4] . عومه رى كرى خه تابيش په لامارى ئێراق
وكوردستانى داو ته نها له هه مه دان زياتر له 30 هه زار كه سيان كووشت و
به هه زاره ها ژنى كورديان له بازاره كانى مه ككه دا فرۆشت[5] . عه مرو بن
عاسيش ئه وه ى ئه و به جووله كه ى كرد له وولاته دا ، فرعه ونيش واى پێنه
كردن . با زۆر نه ڕۆين و هێلێنجتان نه يه ت .باسى توركيشتان بۆ نا كه م ، كه بۆ
ماوه ى 500 ساڵ جگه له كووشتار و وێرانكارى زياتر ،هيچيتريان نه كرد .
نموونه ى نوێ تر .
ئيخوان موسليمون يه كه مين رێكخراوى ئيسلاميه،كه له وولاتى ميسر دروست بوو[6] .
يه كه م جار ئه مان وه ك رێكخراوێكى ئايينى نا سياسى خۆيان ده رخست . لێ
كاتێك جه ماوه ريان زۆر بوو داواى حوكميان ده كرد. يه كه م جار له ڕێگه ى
كوده تا سه ربازيه كه ى 1952 ، كه به شێكى زۆرله ( ئه فسه ره ئازاده كان )سه ر
به ئيخوان بوون [7]. پاش ئه وه ى په يوه نديان تێكچوو ، (سه يد قوتب) ئيعلانى
جيهادى دژى ده و لَه ت كرد . هه تا ئه مڕۆش ئه و شه ڕه به رده وامه .
خومه ينى يه كه م جار داواى ده وله تى موسته زعه فين(زه حمه تكێش) ى ده كرد
پارتى ده به نگى كۆمۆنيستتى ئێرانيش ( توده) باوه ڕى به م قسه يه ى خومه ينى
كردوو ، پێكرا حوكومه تيان دروست كرد . لێ پاش قه توعامه كه ى كوردستان ،
كاريان به مان نه ماو كه وتنه گيانى ئه مان و هه رچى دژى ئيسلاميش بوايه له
سێداره ده درا،ژنانيش به زۆر په چه يان به سه ردا كرا.
نوێ تر .
عه باس مه ده نى سه رۆكى ( جه بهه ى ئيقازى جه زائير ) . پاش ئه وه ى
هه ڵبژاردنه كانيان برده وه،له يه كه مين ووتاريدا ووتى ( ئێمه له ڕێگاى
ديمۆكراسيه وه هاتينه سه ر حوكم بۆ ئه وه ى رژێمێكى ئيسلامى دروست بكه ين و

دیموٚکراسی نه هێڵین ) . زۆر سووپاسی ده که م بۆ ئه م هه ڵه یه ی که کردی چونکه ،گه ر ئه م قسه یه ی زوو نه کردایه ، له وانه بوو فه ره نسیه کان دواتر ته داخوولیان بکرادیه . چه ته ئیسلامیه کان و له شکره دڕنده که ی جه زائیر ، زیاتر له 300 هه زار مرۆڤیان له م وولاته دا کوشت[8] . ئیستاش بوته فلیقه ده یه ویت له م چه تانه خۆش بێت . هه ر چه نده کۆمه ڵێك ڕێکخراوی مه ده نی و سیاسی له پێش هه موو شیانه وه ترۆتسکیه کان ، دژی ئه م هه نگاوه ی بوته فلیقه ن .

ئایا ئوسامه بن لادن له ڕێکخراوێکی ترۆتسکی وه په یدا بوو ؟ یان زه واهیری پێشتر ئه ندامی ڕێکخراوێکی لیبرالی بوو؟ یان تۆ بڵێیت زه رقاوی ئه ندامی پارتێکی ژینگه پارێز نه بووبێت ؟ ئه ی تۆ بڵێیت مه لا کرێکار و شێخ زانای خۆمان ئه ندامی پارتی کۆمۆنیزمی کرێکاری نه بوو بێتن؟

به دڵنیایه وه ده ڵێم ، نا ، نا ، نا ،هه زاران جاری تریش نا

ئه و چه ته و جانه وه رانه ،هه موویان ئه ندامی پارته ئیسلامیه کان بوون .ئه و پارتانه ی که پێیان وایه، گه لی ئیسلام باشترین گه لی سه ر زه وییه. ئه وه شی ئیسلام نه بێت ، ده بێت به جیهادی پیرۆز ،به ئیسلام بکرێت .

ئه و پارتانه ی ئه مرۆ قات وکه ره ڤاتیان له به ره ، سبه ینی به جلی پیرۆزی ئیسلامه وه سه ر وده ست و قاچی ئه و که سانه ده برنه وه که به رگی پیرۆزی ئیسلام ناپۆشن.

جارێکی تریش ده ڵێم ، به ڵێ هه موو تیرۆریسته کان ئیسلامیه کانن و ئه وانیش سه به ب کاری ئه م کێشه یه ن .


سه رچاوه کان:

1 . سید محمود القمنی ، حروب دوله الرسول ، سینا للنشر . 1993 . ل77

2. د.کامل النجار، قراة نقدیه للاسلام ، کتابات .www.kitabat.com

3 . هه مان سه ر چاوه

4. هه مان سه ر چاوه

5 . عه لی میر فێترووس ، ئیسلام ناسی ، سیامه ك بابه ك کردویه تی به کوردی ، لاپه ره 66

6 . فوئاد مه جید میسری ، بیری ئوسولی ئیسلامی ، ل 290

7 . هه مان سه رچاوه

8 . www. BBC.com